# سەرچاوەی ناکۆکیەکانی ناوسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چی یە؟

**عبدالله مەحمود**
abdulla_m64@hotmail.com

ماوەیەکە کێشەوململانێ ی ناوسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆتە جێگای قسەوباسی گەرمی ناو میدیاکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، چ خەڵك و چ میدیاکان هەریەکەیان بەجۆرێك ئەم ململانێ و کێشمەکێشە لێکئەدەنەوە،لایەنەکانی دەرگیر لەو کێشمەکێشەکەش(مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی لە لایەك و سکرتێری یەکیتێش لە لایەکی ترەوە)سەرباری هەر تموحاتێك کەهەیانە لە یەکتری دەیانەوێ ئەم روداوە تێپەڕێنن و هۆکاری ئەسڵی کێشمەکێشەکە،لە چاوی ڕای گشتی دوربخەنەوەو بیخەنە چوارچێوەی ڕادەی سەلاحیەت و ئەرکی هەرکام لە سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی...تاد.

دیارە بوونی ناکۆکی سیاسی، ململانێ ی سیاسی،بیروبۆچونی جیاواز،روانگەی دژبەیەك لەسەر مەسەلەیەکی دیاری کراو،هێنانەگۆری میکانیزمی جۆراوجۆر بۆپراکتیك کردنی سیاسەت و تاکتیك و هەڵوێستی رۆژ...بونیان لەناو هەرحزبێکی سیاسیدا ڕوداوێکی ئاسایی یە،بۆ یەکیتی نیشتمانیش بەوێنەی هێزیکی سیاسی بەهەمان شێوە.بەڵام ئەوە کە ناکۆکیەکان دەگەیەنێتە ئاستی تەقاندنەوە و تەلبەندوسنوری حزب و ئۆرگانەکان تێئەپەڕێنی ودنیای دەرەوەی حزب دەوروژێنی مەسەلەیەکی جدیە.و هەربەوهۆیەشەوەیە هەڵوێست و رامان و پرسیاری جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا کێش ئەکات،بێگومان ناکۆکی ناوسەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی بە جێگایەك گەیشتوە کە فرسەتی شاردنەوەو پەردەپۆشکردنی لە توانای ڕوداوەکان وکیشەکانی ناوی گەورە تر بووە بۆیە گەیشتە ناو میدیاو بووە مانشێتی رۆژنامەکان و قسەوباسی خەڵکی کوردستان.

هۆکاری سەرەکی کێشەو ململانێ ی ناویەکێتی چی یە؟ئەمە ئەو پرسیارە سەرەکی و جدیەیە کە دەبێ بەدواداچونی بۆبکرێت.لەوانەیە زۆرکەس پرسیار بکات و بڵێت ئەم مەسەلەو کێشەیە کە گەورە تر بوو لەوەی بتوانرێ پەردەپۆش بکرێت چی یە،ئایا کێشە لەسەر سیاسەتێکە کە یەکێتی گۆتویەتە بەر؟ئایا لەسەر دیاریکردنی ئایندەی کوردستانە؟ ئایا لەسەر هەڵوێست گرتنە لەبەرامبەر حکومەتی کاتۆنی ئێستای عێراق؟ ئایا لەسەر ئەوەیە کە یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە یاسایەکی کۆنەپەرستانەی قەومگەرای عەرەبی تایفەچێتی و ئیسلامی یە؟ ئایا لەسەر ئەوەیە کە یاوەر ریفراندۆم رەتدەکاتەوە و باسی جیابونەوەی کوردستان بە کفری ئیلاهی ئەزانێت و کۆماندۆی دەوڵەتی تازەی عێراقی بەگژدا دەکات؟ئایا لەسەر ئەوەیە کە یەکێتی دەست بەرداری دەستەو تاقمی ئیسلامی نابێت؟لەسەر ئەوەیە کە ئیتر یەکیتی نابێ چیتر وابەستەی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بێت؟لەپەیوەند بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوەیە؟ لەسەرئەوەیە کە یەکێتی لا لە کرێکاران،کارمەندان،ژنان،لاوان،بەساڵاچوان و مناڵان ناکاتەوە؟ لەسەرئەوەیە کە هاوکاری باندە تیرۆرستەکانی ئێران و وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە کۆتایی پێ بهێنێ؟ لەسەر ئەوەیە خوێندن و پەروەردە دەبێ مۆدێرن بکرێت؟لەسەر

دابینکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانە؟ لەسەر بەرپاکردنی ریفراندۆم و باسی جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە؟ لەسەر جیاکردنەوەی دین لە دەسەلآت ودەوڵەتە؟ لەسەر بەمەدەنیکردنی یاساکانە بۆ خەڵکی مەدەنی کوردستان؟ لەسەر بەرینکردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەگەریە؟ بەکورتی کێشەی ناوسەرکردایەتی یەکێتی لەپەیوەند بەچۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی خەڵکی کوردستانەوەیە ؟.........تاد.

بەداخەوە کێشەی ناوسەرکردایەتی یەکێتی پەیوەندی بە هەرهیچ کام لەو مەسەلانەوە نی یە .

ئاخرهیچ لەوە رۆشنتر نیە،لەوەتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتووە سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی بۆ یەکجار لەسەر هیچ یەك لەمەسەلە چارەنوس سازەکانی کۆمەڵگای کوردستان کێشەیان نەبووە،تەنانەت ئەگەر شەرمنۆکانەش بووبێت رەخنەکانیان لە هەڵوێستەکانی یەکێتی نەبۆتە مایەی دەنگدانەوەی دەرەکی،کێ هەیە لە خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو ئینسانە شەریفانەی هەر ئێستا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیین یان لایەنگری لێئەکەن،بتوانی حاشا لەو راستیانەی خوارەوە بکات.

یەکێتی نۆکەرایەتی بۆ هەموو وولآتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە کردووە،یەکیتی پێش لەشکری بۆ هەموو دەوڵەتانی دژەخەڵکی کوردستان کردووە، یەکێتی لەگەڵ ئیسلامی"توندرەو شلەتین و زۆر نەرم"هاوکاری کردووەو فەرشی سوری بۆ پێشوازی لێکردن بۆ داخستون، یەکێتی شەری هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی کردووە کە دژی سیاسەتەکانی وەستاونەتەوە،یەکێتی بەکردەوە حزبی قاچاچیان و بازرگانانی کوردستان بووە،یەکیتی بەرگری لە سیاسەتەکانی بەعس کردووە لە پەیوەند بە تەدریس و پەروەردەو ژنان و یاسای سزادان...تاد،یەکیتی بۆ سەرانی کۆنەپەرستی ئیران و تورکیاو تەنانەت بەعسیش مل کەچی نواندووە،یەکیتی هەموو داهاتی خەڵکی کوردستانی لوشداوە؟یەکیتی نەك لەبەرامبەر حزب و رێکخراوەکانی کوردستانی عیراق و ئۆپۆزیسۆنی بەعس وەستاوەتەوە کە هاوپەیمانی نەبوون،بەڵکو بۆ وەستانەوە لەبەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی وولآتانی ناوچەکەش دریغی نەکردووە،یەکیتی لەماوەی تەمەنی دەسەلآتداریتی خۆیدا چەندین بلآوکراوەی داخستوەو هێرشی کردۆتە سەر دەیان رۆناکبیرو نووسەر و ئەوەندەی بۆ کرابێت لەدژی ئازادی روژنامەگەری و چاپەمەنی وەستاوەتەوە،یەکێتی بەئیدعای سۆسیال دیموکراتیەوە بەرگی رەمەزان و جەژنەکان و بۆنە دینیەکانی پۆشیوە و ئەوەندەی بۆی لوابێت مزگەوت و حسینیەی قوت کردۆتەوە،یەکیتی ..........تاد.

سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی مۆری تەئیدی لەهەموو ئەم کارنامەیە دژی ئازادی و ئینسانیە داوە،ئەگەریش کەسێك لە سەرکردایەتیدا رەخنەیەکی بووبێت"کە مەعلوم نی یە" ئەوا کەس نەیزانیوەو تەلبەندی حزبی قائد نەیهێشتوە ئەم رەخنەیە بەکەس بگات.حزبی قائید قبوڵکراوە،سکرتیری حزبی قائیدیش بە مەدحکردنی سدام حسینەوە تا ئەگات بەواوەیلاو ڕۆ ڕۆ بۆ مەرگی ئیمام خومەینی و پیاهەڵدان بە تۆرکۆت ئۆزال و رژیمی تورکیاو و ختابە دژ بەیەك و دژە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن سەرکردایەتی یەکیتی یەوە ستایش کراوە...تاد.

ئەگەر ئەمانە حەقیقەتن،پرسیار ئەوەیە کێشە لەسەر چی یە؟کێشەی سەرەکی ناوسەرکردایەتی یەکێتی لەسەر سەلاحیەتی سکرتێرو کەم سەلاحیەتی مەکتەبی سیاسی نیە،لەسەر کەمبون و ریعایەت نەکردنی سانتریالیزمی

ديموكراتی دەرون حزبی نی یە،لەسەر كاری یەك لایەنەو بریارەكانی تالەبانی نی یە،لەسەر نەدانی دەور بە مەكتەب سیاسی و ئۆرگانە رابەریەكان نیە.دیارە ئەمانە هەموو هەن،بەڵام ئەمانە لە حزبیكی سیاسی مۆدیرندا مانایەكی هەیە و لە حزبیكی بۆرژوا_عەشیەتیدا مانایەكی تری هەیە.یەكیتی حزب یان رێكخراوێكی مۆدیرنی بۆرژوازی نیە،بەڵكە حزبێكی قەومی عەشایەریە،كە لە رۆژی پیكهاتنیەوە تا ئەمرۆ ئەوەندەی بە تایبەتمەندیەكانی عەشایەری پابەند بووە، نیوەی ئەوە پاپەندی سونەتی رادیكال و پیشكەوتنخواز نەبووە تا كێشەكانی بگێردریتەوە بۆ باسی سەلاحیەتی سكرتیرو ئۆرگانەكانی. دیاردەیەكی ئاسایی ناو دەسەڵاتی میلیشیای دەسەڵاتی بی سنوری قائیدە، ناكرێت چاوەروانی لەدەسەڵاتی میلیشیای ئەحزابی قەومی عەشایەری بكرێت كە ریعایەتی دیموكراسی بكات، لەدنیادا شتی وانەبووە نییە، یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی دەسەڵاتی میلیشیایی"سەرباری ئەوەی حزب و ریكخراوەكەی هەرئیدعایەكی لەسەرخۆی هەبیت" ئەوەیە كە سەروك،سكرتیر فەرماندەی هیزە،قسەی ئەوەڵ و ئاخر قائید ئەیكات،ئەو بریار ئەدات...تاد.لەناو یەكیتیشدا هەموو سەركردایەتی یەكیتی "مام" بە براگەورەو هەمەكارە دەزانن و قبوڵیان كردووە، بۆیە هۆكاری سەرەكی ناكۆكیەكان و تەقینەوەی ئەمانە نین،بەڵكو هۆكاری سەرەكی ململانی و لێكترازانی ئینسجامی ناوسەركردایەتی یەكیتی نیشتمانی لێڵبونی ئەو ئاسۆ و ئاینده سیاسی یە كە داوێنی سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی كوردی گرتووە،ناسیونایزمی كورد بە خۆبەستنەوەیان بە سیاسەتی ملهورانەی ئەمریكاوە ئومێدی ئەوەیان هەڵچنیبوو كە لەسایەیدا گوڵە بەهارەی دەسەڵاتی میلیشیایان بەسەرخەڵكی كوردستاندا درێژە پێبدەن،ئومێدی ئەوەیان بوو لەسایەی ئەمریكادا لەدەسەڵاتی مەركەزی عیراقدا جێگاورێگایەكی جێگیر بەدەست بهێنن،ئومێدی ئەوەیان بوو فدرالیزمە قەومیەكەیان بكەنە ئەمری واقع و دەسەڵاتی تائیستایان بەسەر خەڵكی كوردستاندا قانوونیەت وەربگرێ،ئومێدی ئەوەیان بوو ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب لایەك لە ئامانجەكانیان بكەنەوە،كەچی نەك هەر ئەو ئومێدانە بەهەوادا چوون،بەڵكە ئێستا لە حكومەتی كرێگرتەی ئەمریكادا سەروكی دەوڵەتی تازە هەرەشە لە ریفراندۆم و خواستی جیابونەوەی خەڵكی كوردستان ئەكات و ئەوانیش بەدیار ئەوهەرەشانەی دەوڵەتی تازەوە بێدەنگن و بەمەش بونەتە بەشێك لەو هەرەشانە بۆ سەرخەڵكی كوردستان،ئیسلامی سیاسی و مەرجەعەكانیان بەهەموو شێوەیەك نەك هەر دژایەتی خەڵكی كوردستان ودەكەن، بەلكو دژایەتی ئامانجەكانی بزوتنەوەی ناسیونالستی كوردیش ئەكەن، ناسونالیزمی عەرەب بەناسنامەی قەومیەوە و لەژێرناوی پاراستنی سەروەری نیشتمانیدا هیچ جێكاورێگایەك بۆ ئیرادەی سیاسی ناسیونالیزمی كورد قایل نیە،....تاد.ئەمە ئەو كابوسەیە كە یەخەی ناسیونالیزمی كوردی گرتووەو ئومێدیكی بۆ نەهێشتونەتەوە،كێ لەمە بەرپرسیارە؟وەڵام بەوەی كە كێ بەرپرسیارە،خەتا ئۆباڵی كێ ئەگرێتەوە،ئەو زەمینەیە كە سەركردایەتی یەكێتی داوە بەیەكدا. مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی روو ئەكەنە "قائد"،بەڵام دیسان لە جێگای ئەوەی ئەم حەقیقەتە رابگەیەنن كە كێشە داكوژانی ئومێدی سیاسی یە،ئەگەرێن بەدوای رادەی سەلاحیەتی"سكرتێر"و دەوری مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی ئۆرگانەكاندا، فایلی فەسادی ئیداری و گەندەڵی و تاڵان و برۆی بپەردەی یەكتری بەروی یەكتریدا دەهێنە گۆر تا لەورێگایەوە نەفرەت و نارەزایەتی خەڵكی كوردستان لەدژی دزی و تاڵانی 13ساڵەی دەسەڵاتیانی پێ ئیحتوابكەن،دزی و تاڵانیەك كە ئەوسەرەكەی دیار نیە، و خۆیان ناچاربوون رای بگەیەنن كە دزی و تاڵانی و گەندەڵی

ئیداری بۆتە سیمای ناسێنەری دەسەڵاتیان،وە شەر لەسەر بری بەشەداهات،شەر لەسەر رادەی تالانی،شەر لەسەر دەست بەسەراگرتنی زیاتری پارەو دارایی وداهاتی خەڵکی کوردستان و لوش دانی لە قەڵەمرەوی دەسەڵاتیاندا لە چوارچوەی داکوژانی ئومیدی سیاسیدا دەبێتە مەسەلەیەکی تر کەدەبی یەخەی یەکتری لەسەر بگرن.

رێگەیەکیش کە ئێستا بۆ کێشەکان گرتویانەتە بەر بەوەی نەوشیروان مستەفا بکرێت بە جێگری تالەبانی و سنوریك بۆ دەسەڵاتی سکرتێرو چاچیوەیەك بۆ سەلاحیەتی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی دیاری بکرێت، گاڵتەجاریەکی ترە،کەس نیە نەزانیت لەوەتەی نەوشیروان مستەفا هەیە هەر شەخسیەتی دووەمی ناو یەکیتی بووە،نەك هەردزی وتالانی بە بەرچاوی ئەوەوە رویداوە بووە، بەلکو هەموو سیاسەت و هەڵوێستێکی یەکیتیش کە تالەبانی و مەکتەبی سیاسی گرتویەتەبەر لە لایەن نەوشیروانەوە تەئید کراوە،لەوەش واوەتر کارنامەی نەوشیروان مستەفا لە چاچیوەی یەکیتی نیشتمانیدا بۆ کریگرتەیی بۆ وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو وەری خستنی شەرە یەك لەدوایەکاکانی ناوخۆ و،کوشتاری مخالفینی سیاسی و کۆمۆنیستەکان،شەری ئازادی و پیشکەوتنخوازی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان و لاوان و خەلکی زەحمەتکیش راستەوخۆ نەوشیروان مستەفا ئەکتەری سەرەکی شانۆ قیزەونەکانی بووە. بۆیە قانونیەت بەخشین بەوەی کە نەوشیروان بکرێتەجێگری تالەبانی،لە جێگای تالەبانیەك،دووتالەبانی ئەکاتە دیوەزمەی ناویەکیتی وبۆ دژایەتی هەرچی زیاتری خواستەبەرهەقەکانی خەڵکی کوردستان.

مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکیتیش لەو دەورە کەتائیستا بۆ مام گیراویانەو ستایشیان کردووە،ئەمجارە هەم ئەبی ستایشی تالەبانی بکەن و هەم جیگرەکەی.

ئەم ئالوگۆرانەش کەوا بریارە لە یەکێتی دا پێکبێت، ئەگەر ئاویك پژێنێك بۆ خامۆش کردنەوەی ئاگری ناکۆکیە ناوخۆیەکان،بەلام پشکۆی ژێر ئەم ئاگرە ناکوژێنێتەوە،کە بێئاسۆیی سیاسی و داکوژانی ئومێدی ناسیونالیزمی کوردە.

خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو ئینسانە شەریفانەی لەگەڵ یەکێتی و پارتین،دەبێ ئێستا پەیان بەو راستیانە بردبێت،کە نەیەکێتی و نەپارتی دڵسۆزی خواستەکانی خەڵکی کوردستان و حزبی وەدیهێنانی ئاوات و ئارەزوەکانیان نین،وەستانی یەکێتی و پارتی لە پاڵ غازی یاوەری شۆڤینست و عەشایەری چەند ژنەو،ئەیادعەلاوی کۆنەبەعسی و ئیسلامی سیاسی رەمزی تیرۆر وکوشتارو سەرکوت و سەربرین و ئیغتیسابی ژنان،و.....باشترین بەڵگەیە بۆ نیشاندانی جیاوازی بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد لەگەل خەڵکی کوردستان و خواستەکانیاندا،بۆیە دەبی خەڵکی کوردستان هەرچی زووترە خۆیان لە ئاسوی سیاسی ئەم حزبانەو بزوتنەوەکەیان جیا بکەنەوە.

2004–11–5